وەزارەتی دارایی ھەکارەکانی فرەشتنی موڵکەکانی شاسوار عەبدولواحید دەستپێکرد



ئەمڕۆ یەکشەممە وەزارەتی دارایی و ئابووریی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند، لەسەر داوای بانکە بازرگانییەکان بڕیار دراوە سەرجەم موڵکەکانی کەمپانیای نالیا و چافی بخاتە مەزادەوە کە ژمارەیان 60 موڵکە, ئەمەش لەبەرامبەر ئەو قەرزە کەکەبووانەیە کە کەمپانیاکان لەسەریانە.

وەزارەتی دارایی و ئابووریی هەرێمی کوردستان لە ڕاگەیەندراوەکدا باوەیکردووە، لەسەر داوای بانکە بازرگانییەکان بڕیار درا دەست بگیرێت بەسەر سەرجەم موڵکەکانی کەمپانیای چافی و نالیا کە ژمارەیان 60 موڵکە ئەمەش لەبەرامبەر نزیکە 92 ملیار دینارە.

وەزارەتی دارایی و ئابووری دەڵێت, لە ماوەی ڕابردووەدا چەندین جار لە ڕێگەی (بانکی سلەمانی یەک) ئاگاداری کەمپانیای نالیا و چافی کراوەتەوە، بەڵام وەڵامیان نەبووە. بۆیە وەزارەت بە مافی خۆی دەزانێت سەرجەم موڵکەکان بخاتە مەزادەوە. ئەمە لە کاتێکدایە بڕەی قەرزەکانی ئەو دوو کەمپانیایە گەیشتووەتە 91 ملیار و 760 ملیۆن و 66 هەزار دینار. ئەمەش دوای ئەوە دێت کە لە 20-10-2021 دادگای بەرژەوەندی وەزارەتی دارایی دەسیەی قەرزەکانی یەکلایی کردەوە و لە 22-9-2024 گلدانەوە لەسەر

سەرجەم موڵکەکانی کەمپانیای نالیا و کەمپانیای چاڤی دانرا. هاوکات دادگا لە 26-11-2024 تانی پێداچوونەوەی نالیای ڕەتکردەوە.

 وەزارەتی دارایی دەڤەت، سەرجەم موڵکەکانی ئێو دوو کەمپانیایە کە ژمارەیان 60 موڵکە و پێکهاتوون لە چەندین پارچە زەوی، هۆتێل، کافتریا و کابینەی گەشتیاری و چەندین موڵکی تر، دەخرێنە مەزادەوە لەبری قەرزە کەڤکەبووەکانی ئێو دوو کەمپانیایە.